# کار و تێکۆشان

دۆخی لاوانی کورد لە ئێستا دا و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەی لاوان لە کوردستان دا خرایە بەر باس و گفتوگۆ.
لە کۆتایی دا هەر دوو لایەن لە سەر پتەوتر کردنی پێوەندییەکان و بەڕێوەبردنی پڕۆژە و بەرنامەی هاوبەش لە داهاتوو دا جەختیان کردەوە.

* * *

## سەردانی هەیئەتێکی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان لە بنکەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٦/١٣ کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ هەیئەتێکی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ڕێبوار عەلی (سکرتێری ڕێکخراو)، کاك شەوقی عمر بەرپرسی ڕاگەیاندن و ڕۆشنگەری، کاك ئەسوەد مەمەند بەرپرسی لقی کۆیە و کاك هاوژین موشیرو کاك سەرتیپ ئەندامانی لقی کۆیەو خاتوو سکاڵا عمر کارگێڕی لقی کۆیە، سەردانی بنکەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد کە لە لایەن هاوڕێیان ڕەحمان سەلیمی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حامید مرادی ئەندامی هەیئەتی ئیجڕایی، پەیمان بابایی و لاوێن محەممەدپەناە ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەری گشتی و هەروەها هاوڕێیان فاتمە عوسمانی و مەسعود بابایی و ناسکە عوسمانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پێشوازیان لێکرا.
لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە کاتژمێرو نیوێکی خایاند،

## سەردانی یەکیەتیی ژنان لە بنکەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی سێهەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان عیسمەت نستانی سکرتێری گشتیو نەسرین حەدداد ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و سوهەیلا قادری و خەدیجە پوورمەند و سکاڵا حەکیم زادە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی و عیسمەت حسن پور و نازەنین قادری و فەریبا وەیسی ئەندامانی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری و شنۆ مهرپەروەر و زلەخا جەشن ئەندامانی موشاویر بە مەبەستی پیرۆزبایی لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەم سەردانی بنکەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانیان کرد و لەلایەن هاوڕێیان ڕەحمان سەلیمی سکرتێری گشتیی و شۆرش غەفوری جێگری سکرتێر و حامد مرادی ئەندامی هەیئەتی ئیجرائی و شاخەوان وەیسی و ئاوارە جەلالی و مەنسوور سەممار ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی پێشوازیان لێ کرا.
لەماوەی کاتژمێرێك دانیشتن، هەردوولا باسیان لەمەر کارەکانی نێوانیان کردو زۆر لایەنیان خستە بەر باس.

* * *

## بەشداری تیمی لاوان لە دەورەی گۆڵی بچووکی محەمەد هەوراز

بەشـــی ئامووزشـــی یەکیـــەتیی لاوانـــی دێمـــۆکراتی کوردسـتانی ئێـران پـاش سـاغ کردنـەوەی سـەرلەنوێی تیمـی گـۆڵ بچـووکی لاوان بەشـداری کـرد لـە دەورەی گۆڵی بچووکی فێرگـەی سیاسـی نیزامـی کـە بـە بۆنـەی سـاڵیادی کۆچـی دوایـی "محەمـەد هـەوراز"ەوە پێـك هاتبوو.

* * *

## سمینارێك بۆ هاوڕێیانی دەرەوەی وڵات

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی کۆڕێکی بۆ هاوڕێیانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد پێك هێنا. لە کۆڕەکەدا هاوڕێیان (سۆزان فەتحی ، لوقمان ئەحمەدی و نیشتمان ئێراندوست) باسەکانیان پێشکەش کرد.

سەرەتا سۆزان فەتحی باسەکەی خۆی سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی ناساندنی یەکیەتیی لاوان وەك ڕێکخراوێکی سینفی لە وڵاتی سوئێد و چۆنیەتیی کارکردنی وەك ڕێکخراوێکی باوەڕپێکراو پێشکەش کرد.

بە دوای ئەویشدا کاك لوقمان ئەحمەدی لەسەر شوناس (هویت) ی لاوانی کورد لە تاراوگە بۆ ئامادەبووان دوا.

کۆڕەکە بە باسێکی دیکە لە بارەی یەکسانی کوڕان و کچان و دەوری کچان لە کۆمەڵگا دا دەوڵەمەندتر کرا کە لە لایەن نیشتمان ئێراندوستەوە پێشکەش کرا.

پاشان نۆرە گەیشتە ئامادە بووان کە بە پرسیار و پێشنیار و ڕەخنەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

* * *

## بەڕێوەچوونی دەورەیەکی ئاموزشی فوتبال

ڕێکەوتی ١ی پوشپەڕ دەورەیەکەی ئاموزشی فوتبال بۆ کورانی تەمەن ١٢تا ١٤سال لە کەمپەکانی ئازادی و ئەمیریە کرایەوە کە ٣٢وەرزشوان تیایدا بەشدار بوون و تا کۆتایی فیستڤالی مناڵان ئەم دەورەیەش بەردەوام بوو .

تیمی والیبالی کچانی تەمەنی ١٥ ساڵ بەرەو سەر بۆ ماوەی دوو مانگ لە مەیدانی قوتابخانەی ئازادی خەریکی تەمرینن و تا هەنووکەش بەردەوامە بەراهێنەری" ڕەحیم ئەحمەدی پوور ".

* * *

## بەڕێوەچوونی دەورەیەکی ئامووزشی والیباڵ

دەورەیەکی ئامووزشی والیباڵ بۆ کچانی ئەندامی یەکیەتیی لاوان لە هاوینی ئەوسال بەڕێوەچوو ، ئەم دورەیە لە لایەن بەشی ئامۆزشی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران سەرپەرەشتی دەکرا ، هەروەها ڕاهێنەری ئەم دەورەیە کاک ڕەحیم ئەحمەد پوور " بوو .

* * *

## وەدەستهێنانی پلەی یەکەم بۆ تازە پێگەیشتووانی کچان لە دووهەمین فێستڤاڵی منداڵان

لە ڕۆژانی ٢٩و ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی دوهەمین فیستڤاڵی منداڵان بە بەشداری چەندین تیمی وەرزشی پێك هات ، لە نێو تیمەکاندا ٢ تیمی تازە پێگەیشتووانی کچان لە بواری گۆڵ بچووك کە سەر بە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بەشداری چالاکانەیان هەبوو و توانیان پلەی یەکەم و دووەم بۆ خۆیان تۆمار بکەن . نەفەراتی ئەو تیمانە بریتی بوون لە :

تیمە یەکەم A

١ ـ ساوێن ڕەسوڵ پوور

٢ـ نەرمین ئۆرەنگی نیا

٣ـ بەیان مێهفەر

٤ـ ئاشتی بازیار

تیمی دووەم B

١ـ گوڵ جیهان سۆفی زادە

٢ـ ڕۆژان سۆفی زادە

٣ـ ژالە قادری

٤ـ هانا ناسری

٥ـ نەمام خوسرەوی

* * *

## بەشداری تیمی هەڵپەرکێی "لاوانی ڕۆژهەڵات" لە کلیپێکی گۆرانیدا

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٦/٢٢ ی هەتاوی، بەشی ئامووزشی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا ڕووی کردە سەیرانگەی (بێتواتە) بە مەبەستی وێنەگرتنی تیپی هەڵپەرکێی یەکیەتیی لاوان بۆ کلیپی هونەرمەند دڵشاد خۆشناو.

ئەم کلیپە بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری تیپی هەڵپەرکێ نزیك بە سەعاتو نیوێك وێنەی گیراوە.

بە هیواین بەم زووانە بکەوێتە بەر دیدی بینەران.

* * *

## ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە وەرزشکارانی دەورەی هاوینە

بەشی ئامووزشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاریکاری کۆڕی پەروەردەو فێرکدنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕێزگرتن لە چالاکی وەرزشی منداڵان و مێرمنداڵانی بەشدار لە خولە وەرزشییەکانی پشووی هاوینی ١٣٨٤، سەرلە ئێوارەی ٢٨ی خەرمانان ڕێورەسمێکی لە قوتابخانەی ئازادی پێك هێنا.

ڕێورەسمەکە دەمژمێر ٥/٥ی ئێوارە بە خوێندنەوەی

راپۆرتی وەرزشی لە لایەن حامد مرادی بەرپرسی بەشی ئامووزشی یەکیەتی لاوان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن پێشکەشکەری بەرنامە"سکالا حەکیم زادە" بە خوێندنەوەی راپۆرتی کاروتێکۆشانی تیمە وەرزشییەکان و بانگهێشتنی ئەندامانی هەریەکە لە تیمەکان کران بۆ مەبەستی خەڵات کردن.

پێویست بە ئاماژەکردنە کە لە رێورەسمەکەدا ٩٠ قوتابی وەرزشکار لە شەش تیمی فوتباڵ پێکهاتوو لە کچان و کوڕان، راکردنی سورعەت و ئیستیقامەتی کچان، والیباڵی کچان و بەشدارانی خولی داوەری پلە سێ بەشدار بوون کە خەڵات بەسەر هەموویان دابەشکرا. هەروەها لەنێو ئاخنی بەرنامەکە چەندین یاری دۆستانە لە نێوان تیمە بەشداربووەکان لە رشتەی فوتباڵ (گۆڵی چووک) دا بەرێوە چوو. لە درێژەی بەرنامەکەدا تیمی هەڵپەرکێی "کوردستان" ی سەربە یەکیەتی لاوان خەڵات کران. لەکۆتایی بەرنامەکەدا یەکیەتیی لاوان بەمەبەستی بەرز نەرخاندنی کارو چالاکی بەرێوەبەرانی دووهەمین فێستیڤاڵی منداڵان لە لایەن سکرتێری رێکخراوەکەوە کاک رەحمان سەلیمی دیارییەک پێشکەش بە کاک عەلی بداغی بەرێوەبەری دووهەمین فێستیڤاڵ کرد.

* * *

## چالاکی لاوان لە ناوەندی ٢

بەشی ئامووزشی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ٢ بە بۆنەی کرانەوەی قوتابخانەکان کێبەرکێیەکی گۆڵ بچووکی بەرێوەبرد کە سێ تیمی (کوردستان و بەیان و گیارەنگ) پلەی یەکەم و دووەم و سێهەمیان بەدەست هێنا. لەم کێبەرکێیەدا بەیان چووکەڵی بە باشترین یاریزان و ژاڵە عبداللهی بە گۆڵزەنی ئەو بازیانە دیاری کران. هەر بەم بۆنەوە کێبەرکێیەکی دیکە بۆ منداڵانی تەمەن ٤ تا ٩ ساڵ پێکهێنرا کە خەڵات بەسەر ١٥ کەس لە بەشداربوان دابەش کران.

* * *



ئەم تیپە بەسەرپەرشتی گۆڵان بابائی دامەزراوە و ماوەی ئەم تیپە دوو ساڵە و لەزۆر تە چالاکییە هونەرییەکان دا بەشدار بووە و لەم ماوە کەمەدا توانیویەتی زیاتر لە ٢٥جۆر هەڵپەرکێی ناوچە جۆربەجۆرەکان نیشان بدا و لە فەوتان رزگاریان بکا و ئەو هەڵپەرکیانە بریتین لە:

خانانە ( ناوچەی سنە) ـ وشك کردن ( ناوچەی مەریوان) ـ موکریان ( ناوچەی موکریان) ـ مەریوانی ( ناوچەی مەریوان) ـ زریان ( ناوچەی سنە) ـ چەپی شێخانی ( ناوچەی سنە)ـ بەرزی بەرزی ( ناوچەی سنە) ـ چەپی هەورامی ( ناوچەی هەورامان) ـ لەیلان ( ناوچەی سنە) ـ فەتاح پاشائی ( ناوچەی سنە) .

هەروەها ئەم تیمە لەزۆر بۆنە و رێورەسمە حیزبییەکاندا بەشداریان کردوە و توانیویانە سەرنجی خەڵك بۆلای خۆیان رابکێشن . ئەو رێورەسمانەی کە بەشداریان کردووە بریتین لە :

١ـ فیستڤاڵی یەکەمی منداڵان لە ساڵی ٨٣
٢ـ سەنتەری گەنجانی کۆیە
٣ـ ٢٥ی گەلاوێژی ٨٣
٤ـ جێژنی قوتابیان ٨٤
٥ـ کردنەوەی کۆنگرەی سێیەمی لاوان
٦ـ جێژنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیمۆکرات
٧ـ فیستڤاڵی دووهەمی منداڵان ٨٤

هەروەها ئەو تیمە لە فیستڤاڵی دووهەمی منداڵان لەساڵی ٨٤ دا وەك تیمی یەکەمی بەشی هەڵپەرکێ ناسێنرا لە نێوان حەوت تیم دا . لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو هەرێمی کوردستاندا بۆ چەندین بۆنەی تایبەت دەعوەت کراوە و چالاکی خۆیان گێراوە ، لەکۆتایی دا ماوە بڵێین کە هیوای بەردەوام بوونیان بۆ دەخوازین، هەربژین و سەرکەوتووبن. هەروەها ئەندامانی ئەو تیمە پێك هاتوون لە :

ئاسکە عوسمانی ، ئاکام محەمەدزادە ، ئاشتی مستەفائی
ئەژین بەهرامی ، ساوێن رەسوڵ پوور ،سارۆ ئیسماعیل زادە
هانا رەحمانی ، رامیار ئەحمەدی ، نەرمین قادری
رێباز فەلاحی ، بەیان مێهرفەر، ئاراس عەزیزی ، ژیوار حەسەنپوور .

* * *